# دەرگا بەرووی داهێناندا دامەخەن

چەند سەرنجێك دەربارەی ئەو جەدەلەی لەسەر درامای گەرمیان و كوێستان دروست بووە

شوان جەلال*



كەناڵی ئاسمانی كوردسات لە ماوەی رابردوودا زنجیرە درامایەكی تەلەفزیۆنی پەخش كرد، كە باس لە ژیان و گوزرانی كەس و كاری ئەنفالكراوەكان لە ئۆردوگایەك دەكات، هێشتا دراماكە نەگەیشتبووە ئەڵقەی كۆتایی نارەزایی لە نێو هەندێك لەكەس و كاری ئەنفالكراوەكان و رێكخراوی داكۆكی لە پاشماوەی قورانبانی ئەنفال دروست كرد، دواتر ئەو نارەزایەتیە بووە هۆی سازدانی جەدەل و مشتوومڕ لە نێوان ستافی دراماكەو رێكخروەكانی داكۆكی لە كەس و كاری ئەنفالكراوەكان لە كەناڵەكانی میدیا.

ئەم درامایە لە هەموو ئاستەكانی دەرهێنان، سیناریۆ، نواندن، كامێرا، ماكیاژ، دیكۆر و رووناكی توانی پانتایەك بخاتە نێوان خۆی ئەو درامایانەی كە پێشتر و تا ئێستا لە سەتەلایتە كوردیەكان دەیبینین. ئەم درامایە بەمانای وشە كارێكی داهێنەرانە بوو، بێگومان بێ هەوڵەو كەموكوڕیش نەبوو لەلایەنە هونەریەكانیەوە (كە بابەتی ئەم باسە نیە).

رێگەم بدەن با بۆچوونی خۆم لە بارەی نێوەڕۆكی ئەم درامایە بخە روو. زنجیرە درامای گەرمیان و كوێستان لە پاڵ ئازار، كۆمەڵێك كارائەكتەری بە ئێمە پیشاندا كە نایانەوێ تەركی دونیا بكەن و بەدەم ئەو ئازارانەوە پاسیڤانە بژین یاخود چاوەڕوانی ئەو رۆژەبن كە خودا رووحیانەتەكەیان لێوەربگریتەوە. ئەمانە كۆمەڵێك خەڵكی بەئیرادەن نەك تەنها ژیانیان خۆشدەوێت و بیر لە سبەنێیەكی باشتر بۆ خۆیان ماڵ و منداڵیان دەكەنەوە، بەڵكو تاڕادەی ئەمانە خۆشەویستی دروست دەكەن بەگژ ئەو سنور و عەیبە و قەدەغانەش دەچنەوە كە كۆمەڵگا بۆی دیاریكردوون. ئێمە لە رێگەی ئەو درامایەوە كۆمەڵێك مرۆڤی

نەخۆش، بێدەسەلاّت، گۆشەگیرمان نەبینی بەڵكو مرۆڤ گەلێكمان بینی تەحەدای رابردوویان دەكرد، ژنیان بەگسك فرۆشی و بەنزین فرۆشی پەیدا دەكرد، منداڵەكانیان دەخستەوە بەر خوێندن، دیسانەوە لە هەموویان گرنگتر خۆشەویستیان دەكرد.

من هیچ سوكایەتیەكەم لەم درامایە نەبینی بە پاشماوەی ئەنفالكراوەكان كرابێت، بە پێچەوانە وەك وتم: باس لە ئیرادەی كەس و كاری ئەنفالكراو و خۆشەویستی بۆ ژیان و  هێزی لەبن هاتوویان لە رووبەڕوو بوونەوەی دەردەسەرییەكانی پاش ئەنفال دەكات. ئەم دیدە تەقلیدیە بۆ كاری هونەری و دروست كردنی هەلاّ لەسەر هەر دیمەن و بینراوێك كە بەدڵی كەس و كار و رێكخراوەكانی داكۆكی لە پاشماوەی ئەنفالكراوەكان نەبێ ، یاخود بەسوكایەتی لێیتێبگەن، گەر بەردەوام بێت ئەوا كاركردنی هونەر لەسەر ئەنفال دەكەوێتە قەیرانێكی خەستەوە. لەراستیدا رێخكراوەكانی داكۆكیكار لەكەس و كاری ئەنفالكراوەكان (وەك رێكخراوێكی كۆمەڵگای مەدەنی) پێویستە چوارچێوەی بینیان فراوانتر بكەن، هاوچەرخانە لەكاری هونەر بڕوانن، نەوەك ببنە سەرچاوە یان ئامرازی داخستنی دەرگا بەڕووی داهێنانی هونەری لەبارەوەی ئەنفالەوە.

لەگەڵ رێزی زۆر تایبەتیم بۆ كەس و كاری ئەنفالكراوەكان، من خۆشم  كەس و كارم ئەنفالكراوە( پوورم و ئامۆزا و چەندین كەس لە بنەماڵەكەمان ئەنفالكراوە)، ناكرێ هەر كەباسی ئەنفال هاتە پێشەوە یەكسەر خۆمانی تێهەڵقورتێنین: لەبەر ئەوەی:

یەكەم: ئەنفال پرۆسە و كارەستێك بوو پێش هەموو شتێك بۆ لە ناوبردنی كورد و ناسنامەكەی بەرپاكرا، كەواتا ئەنفال بە تەنها موڵكی كەس و كاری قوربانیەكان نیە، بەڵكو موڵكی نەتەوەیەكە.

دووەم: ئەنفال هەڵگری چەندین رەهەندی دەروونی، كۆمەلأیەتی، سیاسی..هتدە ئەم بابەتانەش پێویستی بەپسۆر و شارەزای خۆی هەیە بۆ كاركردن لەسەریان.

بابەتی خۆشەویستی كردنی كاراكتەرە ژنەكانی نێو دراماكە و حەزی شووكردنیان هۆكاری سەرەكی نارەزایی (بەشێك) كەس و كاری ئەنفالكراوەكان بوو، جارێ ئەوە شاراوە نیە كە لەپاڵ چەندین ژنی پاشماوەی ئەنفال كە چاوەڕوانی گەڕانەوەی مێردەنیان بوون، چەندین ژنیش بە چەند ساڵێكی دوای كارەساتەكە شوویان كردەووە ( گەرچی كەمینەن، بەلاّم بۆ ئەمە چەندین نموونەی زیندوو هەیە ).

هەڵبەتە نابێ ئێمە چاوەڕوانی ئەوە لە هونەر بکەین کە ببێتە ئاوێنەی واقیع و پیشاندانی حەقیقەت یاخود دۆزینەوەی حەقیقەت هەروەك بیریاری ئەڵمانی مارتن هایدگەر دەڵێت: " هونەر حەقیقەت نادۆزێتەوە، بەڵکو پەیوەندییەك لەگەڵ ئەو و درۆ دەخوڵقێنێت."

دیارە هەڵوێستی کەناڵی کوردساتیش شایانی ڕەخنە لێگرتنە لە کورتکردنەوە یا ڕاگرتنی ئەم درامایە لەسەر ئەو داوایەی کەس و کاری ئەنفال کراوەکان کردوویانە، دروست وابوو کوردسات هەر لە ڕێگەی کەناڵەکەی خۆیەوە هەڵویست و ڕوونکردنەوەی خۆی و ستاڤ کارەکەی ڕوون بکردایەتەوە کە پێم وایە دەیتوانی ئەو ناڕەزایی برەوێنیتەوە، نەوەك بەبڕیارێکی خێرا کۆتایی بە دراماکە بهێنن یا ڕاستتر دەرگا بەرووی یەکێك لە دانسقەترین درامای تەلەفزونی کوردی دابخە. من نازانم ڕێککەوتن و گرێبەستی نێوان کاستی درماکە و کەناڵی کودسات چییە؟ بەلاَم ناکرێ ڕێگە بدرێت بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ماندوو بوونی هونەرمەندانیدا بکرێت ( با کوردسات تەواوی بەرهەمەکەشی کڕیبێت).

لە کۆتایشدا دەڵێم: لە جیاتی ئەوەی داوای دادگای کردنی دەرهێنەری دراماکە و ڕاگرتنی بە پاساوی سوکایەتی بە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان، دەبووایە تەواوی کاستی زنجیرە درامای گەرمیان و کوێستان خەلاَت باران بکرایەن.

* مامۆستای بەشی هونەری شانۆ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری

Shwanjalal2005@yahoo.com